# یاسای نوێی یەکخستن: "هاندان و مەرجدانان"

ئەم یاسایە لە 1ی دێسەمبری 2016 وە کاری پێکراوە و گۆڕانکاری بەرچاوی بەخۆوە بینیوە کە پێویستە لەبەرچاو بگیرترێت. ئەم یاسایە بریتییە لە ماف و بەرپرسیارییەتییەکان، **هەنگاوی پاڵپشتیانە بۆ تۆ و پێداویستییەکانی تۆ**.

**پاڵپشتی ڕاهێنان و فێرکاری باشتر دەکرێت:**

- کاتی پێویست کە دەبێ چاوەڕوانی ڕاهێنان بیت کورتتر دەبێتەوە،
- پاشان لە کاتی ڕاهێناندا، یارمەتیت دەدرێت،
- هەندێک هەنگاو بۆ ئامادەکردنی تۆ بۆ پیشەکەت لەبەرچاو گیرتراوە،
- 100،000 شوێن بە مەبەستی ئاسانکاری یەکخستنی تۆ دروست دەکرێت.
- ئەگەر هەلی ڕاهینانت بەکار هێنابێت وەک هاووڵاتیکی بیانی تەحەمولکراو، دوچاری تاوانی گوناهبارانە نەبووبێیت و ناسنامەی تۆ پشتڕاست کرابێتەوە:
  - ئامادەبوونی تۆ لە هەموو ماوەی کاتی راهێنانی پیشەیی تەحەموول دەکرێت، بەم واتایە کە پێویست ناکات لە دەرکردن بترسێیت.
  - پاش کۆتایی ڕاهێنان، ئەم تەحەمولە(لێبووردەییە) بە ماوەی شەش مانگی دیکە بۆ تۆ نوێ دەکرێتەوە بۆ ئەوەیکە بکەویتە شوێن پیشەیەکی گونجاو کە ڕاهێنانت پێکراوە.
  - مۆڵەتی نیشتەجێبوون(ئیقامە) بۆ دوو سال دەرکرێت پاش کۆتایی سەرکەوتوانەی ڕاهێنان بۆ دامەزران لەو پیشەی مەشقت پێکراوە. سنووردارکردن داوا دەکرێت بۆ ئەو پەنابەرانەی وڵاتانی ئەمن بەپێی ڕێکەوتی هاتنەژووریان و پێشکەشکردنی داواکاری بۆ پەنابەری.

  لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری پێشکەشکراو لەلایەن نووسینگەی هاووڵاتیانی بیانی بەکار بێنیت بۆ ئەوەیکە وەڵامێکی ڕوون وەربگریت بۆ هەموو پرسیارەکانت.

- لە سێ ساڵی داهاتوودا توانای گەیشتن بۆ بازاڕی ئیشکردن ئاسانترت دەبێت؛ لەم ماوەیەدا ئەم بابەتە پشکنینی بۆ ناکرێت کە ئاخۆ کەسێکی ئەڵمانیش داواکاری ئەم پێگە پیشەییە بووە یان نا (کە لەوانەیە بە پێچەوانەی ئەوە ئەو پێشەنگی بووبا)

**لەلایەکی دیکەوە ناچاریت بەشدار بیت لە خزمەتگوزاری یەکخستنی پێشکەشکراو:**

**ئەگەر کەمترخەمی بکەیت لەوانەیە ناچار بیت تێچوون بدەیت:**

- ئەگەر خولەکان بە ڕێژەی پێویست ئاراستە بکرێن، ناچاریت لە ماوەی یەکساڵ تێیاندا بەشدار بیت
- پاش کۆتاییی خولەکە (600 کاتژمێر خولی زمان، 100 کاتژمێر خولی ئاشنایی)، تەنیا لە کاتێکدا بڕوانامە وەردەگریت کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ئامادە بیت (ئامادە نەبوونی بیانوو هێنەرانە تەنیا بە ئاراستەکردنی بەڵگە قەبووڵ دەکرێت). ئەگەر بێ بەهانەی پەسەندکراو ئامادە نەبیت، بڕوانامە وەرناگریت.
- ئەگەر مەرجەکانی ناو ناوەندی کاردۆزینەوە ڕەچاو نەکەیت (ئەمانەی خوارەوە بۆ هەلی کار گرنگن):
  - بۆ نموونە، پێویستی بە پشتڕاستکردنەوەی لانیکەم شارەزایی زمان لە ئاستی B1 یان
  - ئامادەبوونی ڕێکوپێک لەو کاتی دیدارەکانی دەستنیشانکراو بۆ تۆ

ئەگەر نەتوانیت ئەم مەرجانە دەستەبەر بکەیت، ڕێژەی پارە وەرگرتنی تۆ کەمتر دەبێتەوە: **پارەیەکی کەمترت پێ دەدرێت**

**تۆ ناچاری هاوکاری بکەیت ؛لەگەڵ خزمەتگوزاری یەکخستنی پێشکەشکراو...دا**

- تەنانەت ئەگەر لەگەڵ زمانی ئەڵمانی ئاشنایت، پێویستە لە خولەکانی یەکخستنی BAMFدا بەشدار بیت، هەڵبەت بۆ ماوەی کەمتر پاش تاقیکاری
- پێویستە تۆ بە ماوەی سێ سال لە شوێنیک بمێنیتەوە کە نۆردر هەین-وەستفالەن بۆی دیاری کردوویت. ئەم بابەتە لەکاتێکدا جێبەجێ ناکرێت کە تۆ لە شوێنیکی دیکە کار بدۆزییەوە. لەم حاڵەتەدا پێویستە مەرجەکانی خوارەوە دەستەبەر بکەیت:
  - پێویستە لانیکەم 15 کاتژمیر لە هەفتەدا لەو شوێنە کار بکەیت
  - پێویستە لانیکەم 712 یۆرۆ لە مانگدا داهاتت هەبێت
  - پێویستە **بەر** لە **(!)** گواستنەوە بۆ نووسینگەی هاوولاتیانی بیانی داواکاری پێشکەش بکەیت.

- نووسینگەی هاوولاتیانی بیانی دەتوانیت ئەگەر داوا بکەیت تۆ لەم ئیلزامی شوێنی نیشتەجێبوونی جێگیرکراوەدا ئازاد بکات، بە مەرجێک کە لە شوێنێکی دوور لە بەرنامەیەکی ڕاهێنان یان تۆژینەوەدا بەشدار بوو‌بێت.

- ئەگەر مافی پەنابەریت هەیە، بەپێی مەرج و یاسا نوێیەکان پاش پێنج **ساڵ** مافی مانەوە لە ئەڵمانیا بەبێ سنووردارکردنی کات (کە پێشووتر پاش سێ ساڵ) بوو:
  - تەنیا لە کاتێکدا ئەم مافی مانەوە وەردەگریت کە بتوانیت زانستی زمانی پێویستی خۆت بسەلمێنی (تاقیکاری A2) و
  - ئەگەر لانیکەم 50% تێچوونی ژیانی خۆت دابین بکەیت.

- پاش **سێ ساڵ** مۆڵەتی نیشتەجێبوون وەردەگریت بە مەرجێک کە تاقیکاری C1 یکت تێپەڕانبێت و خۆت زیاتر لە 50% تێچوونی ژیانی خێزانەکەت دابین بکەیت.

**ئەم مەرجانە بە ڕوونی دەڵێت کە:**

- یەکخستن لە بازاڕی کار و
- فێرکاری زمانی ئەڵمانی

مەرج و یاسای پێویست زەرووره بۆ نیشتەجێبوونی هەمیشەیی لە ئەڵمانیا.

---

بەرپرسی ناوەڕۆک: پیتەر ستادیە، هۆلگر فرینگز، هەماهەنگکاری پەنابەر و پەنابەری، باد مونستەرەیفەل. ئەم ڕوونکردنەوانە بە شێوەیەکی ناچاری کورتکراوەیە؛ داوات لێدەکەین کە تێبگەیت کە ناتوانین هیچ جۆرە گەرەنتییەک لەم بارەوە بگرینە ئەستۆ. ئەگەر پێویستت بە زانیاری گشتگیرتری تاکەکەسی هەیە، ڕێکخراوەی پەنابەرانی DRK و کاریتاس، نووسینگەی هاوولاتیانی بیانی، خاڵی یەکخستن، نووسینگەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و هاوڕێیانی پەنابەر لە کۆمەڵگای تۆدا بەردەستن. هەروەها سەیری ئەمانەی خوارەوە بکە:
https://www.bundesregierung.de/Content/DE/Artikel/2016/05/2016-05-25-integrationsgesetz-beschlossen.html, http://www.asylhelfer-puchheim.de/images/hintergrundpapier-zum-integrationsgesetz.pdf

12/2016

Gefördert durch:

Ministerium für Arbeit, Integration und Soziales des Landes Nordrhein-Westfalen